# ڕۆبن هوود

چیرۆکی: مایکل ویست

گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە: زنار محەمەد

*–ناوی کتێب: رۆبن هوود

*–بابەت: چیرۆك

*–نووسەر: مایکل ویست

*–وەرگێر: زنار محمد

*–چاپی یەکەم: ٢٠٠٦

*–یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی کەرکووك

**(١)**

## رۆبن هوود و پیاوە یاخییەکان

پیاوێکی گەنج لە دارستانی (شێروود)دا پیاسەی دەکرد. جلەکانی سەوز بوون وەکو رەنگی درەختەکان و دە تیری باشی پێبوو لەگەڵ کەوانێکدا، لە پڕ گوێی لە گریانی منداڵێك بوو پاشان ژنێکی بینی بە دارستانەکەدا لەگەڵ مناڵەکەیدا دەڕۆشت، ژنەکە نەدەگریا بەڵام زۆر زۆر خەمبار بوو.

پیاوە گەنجەکە پرسی:- بۆ کوێ دەچن؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە: ئێمە هاتووین بۆ (رۆبن هوود) ئەگەڕێین، رۆبن هوود یارمەتی خەڵکی هەژار دەدات، منیش پێویستیم بە یارمەتییە من ژنی (وات) بووم، میرەکانی (نۆتینگهام) خۆشیان نەدەویست، پیاوانی میر (وات)یان کوشت و ماڵەکەمانیان سووتاند، ئێستا بێ ماڵ و پارەو پوولم، بەڵام رۆبن هوود یارمەتیم ئەدات، رۆبن هوود و پیاوەکانی لەم دارستانە دەژین ئەوان پیاوی زۆر باشن پارە لە خەڵکی دەوڵەمەند ئەسەنن و ئەیدەن بە خەڵکی هەژار، بەڵێ ئەو یارمەتیم ئەدات.

پیاوە گەنجەکە ووتی: تۆ راست دەکەیت ئێمە یارمەتیت دەدەین و منیش رۆبن هوودم.

لە دێرزەمانەوە (ریچارد) پادشای ئینگلتەرا بوو، ریچارد نۆرمانی بوو و زۆر لە خەڵکەکانیش نۆرمانی بوون و هەندێکیشیان ساکسۆنی بوون. ریچارد پیاوێکی باش بوو یاسادانەریش بوو، ریچارد چوو بۆ جەنگ براکەی کە ناوی (جۆن) بوو فەرمانرەوایی ووڵاتی کرد.

جۆن زۆر خراپ بوو، زۆردار بوو، ساکسۆنییەکانی خۆش نەدەویست ئەیویست نۆرمانییەکان زیاتر و زیاتر بن و زۆر لە نۆرمانییەکانیش ئەمەیان دەویست، زۆر زۆردار و خراپ بوون لەگەڵ خەڵکدا.

میری (نۆتینگهام) نۆرمانی بوو لە کۆشکەکەی خۆیەوە کە لە (نۆتینگهام) بوو فەرمانرەوایی لە (دێبری)یەوە بۆ (لینکۆڵن) دەکرد و دارستانی (شێروود) لە ووڵاتەکەی ئەودا بوو، تەنها یەك ساکسۆنی مابوو تا ئەو کاتە کە کۆشك و زەوی خۆی هەبوو ئەویش پیاوێکی ئەرستۆکرات بوو کە لە (هەنتینگدۆن) دەژیا، میری نۆتینگهام (٥٠) پیاوی نارد بۆ ئەوەی کە ئەو ساکسۆنییە لە کۆشکەکەی خۆی بکەنە دەرەوە، کۆشکەکەیان سووتاند و پیاوەکەشیان برد بۆ نۆتینگهام و لەوێ مرد، میری نۆتینگهام زەوییەکەی برد و ژنەکەی و کوڕەکەی کە ناوی (رۆبێرت) بوو نەماڵ و نە پارەو هیچ شتێکیان نەما، دایکی رۆبیرت دوای ماوەیەك مرد، رۆبێرتیش چوو بۆ دارستانی

شێروود و ناوی خۆی گۆڕی بە (ڕۆبن هوود)، ساکسۆنی تریش هەبوو لە دارستانی شێروود کە کۆمەڵێك پیاوی بێ ماڵ و جێ بوون لەبەر ئەوەی نۆرمانییەکان ماڵ و زەوییەکانیان بردبوون، لە دارستانەکەدا ئاسك زۆر هەبوون کە ساکسۆنییەکان ئەیانکوشتن بۆ خواردن. بەڵام ئاسکەکان هی پاشاکانی نۆرمان بوو و زۆر تووڕە ئەبوون هەر لەبەر ئەوە پێیان ئەوتن پیاوە یاخییەکان، ئەگەر نۆرمانییەکان یەکێك لە یاخییەکانیان بگرتایە ئەوا دەیانکوشت، ڕۆبن هوود بوو بە سەرۆکی یاخییەکانی دارستانی شێروود، خۆی و پیاوەکانی جلی سەوزیان لەبەر دەکرد و دەیانووت:
(ئێمە هەمیشە یارمەتی خەڵکی هەژار ئەدەین، ئێمە پارە لە پیاوە دەوڵەمەندەکان ئەسەنین، ئەوان پارەیەکی زۆریان هەیە کە لە خەڵکی هەژاریان سەندووە، ئێمە پارەکە لەوان ئەسەنین و ئەیدەینەوە بە خەڵکی هەژار).

## (٢)

## جۆنە چکۆڵ

کاتێك ڕۆبن هوود بیویستایە هاوڕێکانی بانگ بکات فووی ئەکرد بە بوقییەکەیدا.
بەیانییەك ڕۆبن هوود ووتی: ئەوا بۆ ماوەی چواردە ڕۆژە هیچ ئاسکێکمان نەکوشتووە، پێویستیمان بە خواردن هەیە، ئێوە لێرە بن من ئەچم بەدوای خواردندا ئەگەڕێم ئەگەر گوێتان لە بوقییەکەم بوو بەخێرایی وەرن ویارمەتیم بدەن. ڕۆبن هوود بە تیرو کەوان و بوقییەکەیەوە ڕۆشت، گەیشتە جۆگەیەك کەپردێکی پێدا تێپەڕ ئەبوو، پردێکی زۆربچووك بوو پیاێکی زۆر زەبەلاحی لە سەر وەستابوو، تێلایەکی درێژ بە دەستەوە بوو.
ڕۆبن نەیئەتوانی بەسەر پردەکەدا بڕوات چونکە ئەو پیاوە زەبەلاحەی لە سەر وەستابوو، ڕۆبن هوود پێی ووت: بەیانیت باش بە ئەرك نەبێت ڕێم نادەی بپەڕمەوە؟
پیاوەکە لە جێگای خۆیدا وەستابوو هیچی نەووت.
ڕۆبن هوود تیرێکی لە کەوانەکەی ناو کەوتە ڕێکردن بەسەر پردەکەدا.
پیاوەکە ووتی: تۆ بە تیرو کەوانیشەوە لەمن دەترسی بەڵام من لە تێڵایەك زیاترم پێ نییە.
ڕۆبن هوود تیروکەوانەکەی داناو داردەستێکی بچووکی دروست کرد و ووتی: با شەڕ بکەین، کێ کەوتە ئاوەکەوە ئەو دۆڕاوە.

لەسەر پردەکە بۆ ماوەی سەعاتێك شەڕیان کرد، رۆبن هوود تا توانی کێشای بە پیاوە زەبەلاحەکەداو خستییە ئاوەکەوەو پێی ووت: حەمامێکی خۆش، پیاوەکەش هەستایەوەو تا توانی تێلایەکی کێشا بە رۆبن هوود داو پێی ووت: حەمامێکی خۆش بۆتۆش.
رۆبن هوود بە پێکەنینەوە لە ئاوەکە هاتە دەرێ و ووتی: تۆ پیاوێکی ئازایت، رۆبن دەستی پیاوەکەی گوشی و ووتی: من دۆڕام هەنووکە چیت دەوێ بلێ تا بۆت بکەم.
پیاوەکە ووتی: دەمەوێت یارمەتیم بدەی بۆ دۆزینەوەی رۆبن هوود، دەمەوێت پەیوەندی بە گرووپەکەی ئەوەوە بکەم، رۆبن هوود فووی کرد بە بووقییەکەیدا و دوای تۆزێك چەند پیاوێك لەسەر پردەکە ئامادە بوون، (ویلیەم ستەنلی) ووتی: ئەم پیاوە تۆی خستووەتە ئاوەکەوە رۆبن، بیخەینەوە ئاوەکەوە؟
پیاوەکە ووتی: چی؟ رۆبن؟ بۆ تۆ رۆبن هوودی؟ یەعنی من بەم تێلایە لە رۆبن هوودم داوە؟
رۆبن هوود ووتی: بەلێ، ئەمجا شەڕەکەیانی بۆ پیاوەکانی بۆ گێڕایەوەو ئەوانیش تێر پێکەنین.
رۆبن ووتی: حەز دەکەم بێیت لە گەڵماندا و ببیت بە یەکێك لە ئێمەو تیروکەوانیشت دەدەمێ و فێرت دەکەم چۆن تیر بهاویت. پیاوەکە تەوقەی لەگەڵدا کرد و ووتی: بەلێ حەز دەکەم لەگەڵتاندا بم.
رۆبن لێی پرسی: ناوت چییە؟
وەڵامی دایەوەو ووتی: ناوم بچکۆلە جۆنە.
رۆبن: دەبێت ئەم ناوە بگۆڕیت و بیکەین بە جۆنە چکۆل.
بەم جۆرە جۆنە چکۆل لەگەڵ پێڕەکەی رۆبن هوود بەڕێ کەوت و لە دارستانەکە دوو ئاسکیان راو کرد و ئاگریان کردەوەو تا رۆژئاوا هەر خواردیان و خواردیانەوە.
بۆ سبەینێ رۆبن جل و بەرگ و تیروکەوانی دا بە جۆنە چکۆل و ووتی: ئێستا فێرت دەکەم چۆن تیر بهاوێژیت.

**(٣)**

**قەشەتەك**

دوای ماوەیەك جۆنە چکۆل زۆر بە باشی ئەیتوانی تیر بهاوێت، کەوانێکی زۆر گەورەیان بۆ دروست کردبوو لەبەر ئەوەی پیاوێکی زۆر زەبەلاح بوو، رۆژێك رۆبن هوود پێی ووت ئەو دوو ئاسکە ئەبینیت لەسەر ئەو شاخە دوورە؟ یەکێکیان بکوژە. جۆنە چکۆلیش ئاسکەکەی پێکا.

ڕۆبن هوود زۆر خۆشحاڵ بوو و وتی: هیچ پیاوێك ناناسم كه لەتۆ باشتر تیر بهاوێت.
ویلیەم سكارلێت ووتی: من پیاوێك دەناسم له تۆش و له جۆنه چكۆلیش باشتر تیر دەهاوێت.
ڕۆبن هوود ووتی: پێویسته بیدۆزینەوه، لەكوێ دەژێ؟
ویلیەم ووتی: له كڵێسەكەی خوارەوه دەژی.
ڕۆبن كڵاوخودەكەی لەسەر كرد و شمشێرەكەی برد، له دارستانەكەی نزیك كڵێسەكەی ڕۆبن هوود (قەشەتەك)ی بینی ڕێك وەكو ڕۆبن هوود كڵاو و خودەو شمشێرێكی پێبوو.
ڕۆبن به پیاوەكانی ووت: ئێوه لێره بمێننەوه، خۆی بەتەنیا ڕۆشت بۆ دارستانەكەو چوو بۆلای قەشەتەك و پێی ووت: بەیانیت باش قەشه، بێ زەحمەت بمپەڕێنەرەوه له ئاوەكه، قەشه ئەبێت یارمەتی خەڵك بدات.
قەشەتەك سەیری ڕۆبن هوودی كرد، بینی پیاوێكی گەنجەو دەتوانێت بەبێ یارمەتی بپەڕێتەوه. بەڵام ووتی وەره سەر پشتم.
بەم شێوەیه ڕۆبن هوود چووه سەر پشتی قەشەتەك و قەشەتەكیش له ڕووبارەكه پەڕاندییەوه.
ڕۆبن هوود پێی ووت: سوپاس. لەسەر پشتی هاته خوارەوه.
قەشەتەك پێی ووت ڕاوەسته. یارمەتیم داویت؟
ڕۆبن ووتی: بەڵێ
– خۆشحاڵم كه یارمەتیم داویت لەبەر ئەوەی قەشه دەبێ یارمەتی خەڵك بدات، ئێستا تۆش من ببەرەوه ئەوبەری ئاوەكه.
بەمجۆره ڕۆبن هوود قەشەتەكی بەناو ئاوەكەدا گەڕاندەوه بۆ ئەوبەر. قەشەكه پیاوێكی زۆر زەبەلاح بوو بۆیه هەڵگرتنی كارێكی قورس بوو، ڕۆبن دەستی قەشەتەكی گرت و به توندی كێشای به زەویدا.
ڕۆبن هوود شمشێرەكەی دەرهێناو ووتی: یان بمپەڕێنەوه ئەوبەری ئاوەكه یان دەتكوژم.
قەشەتەك ووتی: باشه وەره كۆڵم، قەشەتەك ڕۆبن هوودی هەڵگرت و بەناو ئاوەكه كەوت له نیوەی ڕێگادا شڵپ كەوتن و قەشەتەك كەوت بەسەر ڕۆبن هوددا.
دوای ئەوه یاخییەكان له دوورەوه چاویان به شەڕه شمشێرەكەی ئەم دووانه كەوت، دوو شمشێرەكه له بروسكه خێراتر دەهاتن و دەچوون، كڵاوخودەكەی قەشەتەك جار لەدوای جار باشتر سەری دەپاراست، زیاد له جارێك شمشێرەكەی قەشەتەك بەر كڵاو خودەكەی ڕۆبن هوود

کەوت، لە ئەنجامدا قەشەتەك ووتی: لەوە زیاتر شەڕ لەگەڵ تۆدا ناکەم تۆ پیاوێکی زۆر ئازایت، ناوت چییە؟

– من رۆبن هوودم، تەوقەیان لەگەڵ یەکتردا کرد و یاخییەکان لە دارستانەکە هاتنە دەرەوە.

رۆبن هوود ووتی: من بەدوای تیر ئەندازێکی زۆر چاکدا هاتووم وا ئێستا شمشێربازێکی چاکیشم دۆزیوەتەوە.

ویلیەم سکارلێت ووتی: دەتوانیت لە رۆبن هوود و جۆنە چکۆلیش باشتر تیرئەندازی بکات.

رۆبن هوود ووتی: ئێستا تۆم دۆزیوەتەوە داوات لێ دەکەم کە بێیت لەگەڵ ئێمەدا بژیت، من و هاوڕێکانم لە دارستانێکدا دەژین، دەوڵەمەندان رووت دەکەینەوە و دەیدەین بە هەژاران.

قەشەتەك ووتی: قەشە دەبێت خوای خۆش بوێت و یارمەتی خەڵکی بدات من لە مێژە لەم کڵێسەیەدام و شتێکی ئەوتۆم بۆ نەکراوە بۆیە لەگەڵ ئێوەدا دێم.

## (٤)

## مایدماریان

رۆبن هوود کوڕە ئەرستۆکرات بوو لە هەنتینگدۆن) دەژیان، باوکی (ماید ماریان)یش قەڵایەکی هەبوو لە نزیك قەڵاکەی ئەوان لە هەنتینگدۆن، رۆبن هوود مناڵ بوو هاوڕێی ماید ماریان بوو رۆژی زۆر خۆشیان بەسەر ئەبرد پێکەوە، ماید ماریان تیرئەندازێکی زۆر چاك بوو، ماید ماریان زۆر دڵتەنگ بوو کە میری (نۆتینگهام) رۆبن هوودی دەرکرد لە شارەکە، پاشان بیستی کە رۆبن هوود لە دارستانی (شێروود) دەژی، ووتی: رۆبن هوود ناتوانێت بێت بۆلای من بۆیە من ئەچم بۆلای ئەو. جل و بەرگی کوڕانەی لەبەر کرد و تیروکەوانەکەی برد و بە شێوەیەك لە قەڵاکە چووە دەرەوە کە کەس نەیبینێ.

رۆبن هوود هەندێ جار پاڵتۆی درێژی بەسەر جلە سەوزەکانیدا لەبەر دەکرد، هەندێ جار رۆبن هوود بۆ ئەوەی دەموچاوی بشارێتەوە کڵاوی لەسەر ئەکرد ئەوجار دەکەوتە پیاسە بە دارستانی شێرووددا تا ئەو خەڵکانە ببینێ کە لەوێوە تێدەپەڕن.

کوڕێکی بینی تیروکەوانێکی هەڵگرتبوو و بە دەستەکەی تریشی تێڵایەك دەمامکێکی سەوزیشی کردبوو.

رۆبن هوود: کوڕۆ ئەوە چی دەکەی لێرە بە تیروکەوانەوە، کەس بۆی نییە ئاسکی پاشایان بکوژێت هەڕە لێرە چیتر نەیەیتەوە.

کوڕەکە ووتی: نە ئەڕۆم و نە لە دەمامکداران ئەترسم، ئەوجا هەردووکیان بە تێڵا کەوتە گیانی یەك.

رۆبن هوود نەیدەویست بە توندی لە ماید ماریان بدات بەڵام تێڵاکەی ئامادە بوو، تێڵاکەی ماید ماریانیش زۆر بە باشی ئیشی دەکرد.

دوای تۆزێك رۆبن هوود بە روویا پێکەنی و ووتی: هەرچەندە تۆ گەنجی بەڵام زۆر بە باشی شەڕ دەکەیت، لە پیاوی گەورە باشتر دەجەنگی، حەز دەکەم بێیت و ببیت بە یەکێك لە ئێمە، دەتەوێت بێیت و پەیوەندیت هەبێت لەگەڵ گروپەکەی رۆبن هوود؟

رۆبن هوود دەمامکەکەی لابرد و ماید ماریان دەموچاوی بینی.

مایدماریان هاواری کرد و ووتی: رۆبن! پاشان ئەویش دەموچاوی خۆی پیشان دا. رۆبن هوود ووتی: تۆ مایدماریانیت ئەی بۆ پێش شەڕەکە پێت نەوتم؟

ماید ماریان ووتی: ئاخر نەمزانی تۆ رۆبنی.

پاشان هەردووکیان لە کەناری رووبارەکە دانیشتن، رۆبن هوود ووتی: دەبێت لەگەڵ مندا لە دارستانەکە بژیت؟ هەرچەندە ژیانێکی سەختە بەڵام من ئەوپەڕی هەوڵ ئەدەم کە دڵت خۆش بکەم.

مایدماریان گوتی: هەرکاتێك لەگەڵ تۆدا بم دڵخۆشم.

رۆبن هوود ماید ماریانی برد بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دەژیان لە دارستانەکەدا، هیچ یەکێك لە هاوڕێکانی لەوێ نەبوون بۆیە رۆبن هوود فووی کرد بە بوقییەکەیدا و هەموو هاوڕێکانی هاتن بۆ ئەوێ.

رۆبن هوود ووتی: ئەمە ماید ماریانی هاوڕێمە هاتووە لێرە لە دارستانەکەدا لەگەڵ ئێمەدا بژی، پیاوەکان زۆر خۆشحاڵ بوون بە هاتنی.

پاشان رۆبن هوود ووتی: قەشەتەك لەکوێیە.

ویلیام سکارلێت ووتی: چووە بۆ شوێنێکی دووری دارستانەکەو تیروکەوانەکەشی بردووە.

رۆبن ووتی: بڕۆن بیدۆزنەوەو بانگی کەن بۆ ئێرە.

دووسێ پیاو چوون بۆ ئەوەی بانگی کەن دوای تۆزێ هاتنەوەو قەشەتەکەشیان لەگەڵدا بوو کە ئاسکێکی قەڵەوی بە کۆڵەوە بوو. رۆبن ووتی: ئەمە (ماید ماریان)ە، من ئەمەوێ بیهێنم ئەتوانی

لێمی مارە بکەیت. قەشەتەك لە دارستانەکەدا رۆبن هوود و مايد ماريانی لە یەکتر مارە کرد و ئاگرێکی گەورەیان کردەوەو ئاسکەکەیان برژاند تا درەنگ خواردیان و خواردیانەوە.

(٥)

## ئالان –ئەی –دەیل

رۆبن و مایدماريان لە دارستانەکەدا پیاسەیان دەکرد. پاشان لەژێر دارێکدا دانیشتن. پاش کەمێك پیاوێکیان بینی جلێکی سووری لەبەردابوو بەدڵ خۆشیەوە گۆرانی دەووت.

رۆژی دوایی هەمان پیاویان بینی جلێکی رەشی لەبەردا بوو گۆرانی نەدەووت و دڵیشی ناخۆش بوو.

رۆبن هوود پرسی: تۆ کێیت بۆ دڵت ناخۆشە.

پیاوە گەنجەکە وەڵامی نەدایەوە ئەو شەوە رۆبن و مایدماريان و کۆمەڵێك لە هاورێکانیان دانیشتبوون لای ئاگرێکەوە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە، جۆنە چکۆل و میدج هاتن بۆلای رۆبن هوود، پیاوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو ئەو پیاوە گەنجە دڵتەنگە بوو کە رۆبن هوود و مایدماريان بەیانی بینیبوویان. جۆن چکۆل گەورەترین پیاو بوو میدجیش بچوکترینیان بوو.

میدج وتی: لە دارستانەکەدا دۆزیومانەتەوەو لێمان پرسیوە ئەچی بۆکوێ، بەڵام وەڵامی نەداوینەتەوە، بۆیە هێناومانە بۆلای تۆ بۆ ئێرە.

رۆبن هوود لێی پرسی: تۆ پارەت پێیە کە بیدەی بە من و هاورێکانم؟

پیاوەکە وتی: نەخێر تەنیا ٥ پێنس و موستیلەیەکم پێیە. موستیلەکەش بۆ جوانترین کیژی ئینگلتەرایە. رۆبن هوود گوتی: ناوت چییە و بۆچی غەمباری؟

- ناوم ئالان ئەیدەیل–ە، دوێنێ چووم تا جوانترین کیژی ئینگلتەرا بێنم، بەڵام بابی رازی نەبوو. گوتی: کچەکەم شوو بە ویلیەم لینبی دەکات، هەرچەند پیرە بەڵام زەنگینە.

رۆبن هوود گوتی: تۆ ناتوانی جوانترین کیژ بێنی، چونکە مایدماريان جوانترین کیژە. بەڵام بەهەرحاڵ من دەتوانم یارمەتیت بدەم کە ئەو کچە بێنی کە بە دڵی خۆتە. چەندم دەدەیتێ گەر کیژەکەت بۆ بێنمەوە؟ ئالان ئایدەیڵ گوتی: من هیچ پارەم نییە، بەڵام گەر کچەکەم بۆ بگەرێنیتەوە دەبم بە خزمەتکارت بە درێژایی تەمەنم کارت بۆ بکەم.

رۆبن ووتی: ماڵیان لێرەوە چەند میلە؟

ئالان ئایدەیڵ ووتی: پێنج میلە، کڵێساکە نزیکی ماڵی ئەوانە. فریا نەکەوی، دوای سێ سەعاتی دی شوو بە پیاوە دەوڵەمەندەکە دەکات.

رۆبن هوود، چاکەتێکی درێژی بەسەر جلە کەسکەکانیا لەبەر کرد و چوو گیتارێکی لە ئەشکەوتەکە هێنا. پاشان رۆبن هوود و قەشەتەك و ٢٣ پیاوی دی لەگەڵ ئالان ئایدەیل بۆ کڵێساکە بەڕێ کەوتن، کە گەیینە نزیکی کڵێساکە رۆبن بە هاوەڵەکانی و ئالان ئایدەیلی گوت:

- لێرە بە بێدەنگی بمێننەوە. کە گوێتان لە دەنگی بووقییەکەم بوو وەرنە ناو کڵێساکەوە.
  رۆبن هوود چووە کڵێساکەوە و ولیەم لینبی لە دەرگای کڵێساکە وەستابوو. پیاوە دەوڵەمەندەکە پرسی: تۆ کێی؟
- من گیتارژەنم، گیتار لێدەدەم. باشترین گیتارژەنی ئینگلتەرام.

ولیەم لینبی گوتی: کەواتە گیتار بۆمن لێدەدەی. رۆبن هوود گوتی: دەوەستم تا خەڵکەکەی دی دێن. کە هەموو هاورێکانت هاتن ئەوسا دەتوانی گوێت لێبێ. دوای ماوەیەك خەڵکەکە هاتن. هاورێ دەوڵەمەندەکانی ولیەم لینبی لە لایەکی کڵێساکەوە دانیشتن، پیاوو جەنگاوەرەکانیشی لە لایەکی تری دانیشتن. پاشان بابی کیژێ، کچەکەی هێنایە نێو کڵێساکە. کچەکە زۆر جوان بوو، بەڵام گەلێك دڵتەنگ بوو. رۆبن هوود چووە لای ولیەم و گوتی: دەتەوێ گوێ لە تۆزێ مۆسیقا بگری؟

ولیەم گوتی: بەڵێ، دەمانەوێ گوێمان لە گیتارەکەت بێ. رۆبن هود گوتی: دەتوانی گوێت لە بووقییەکەم بێ. پاشان رۆبن هوود فووی بە بووقییەکەیدا کرد. ئالان ئایدەیل هاتە نێو کڵێساکە. تیروکەوانەکەی رۆبن هوودی پێبوو هاورێکانی رۆبن هوودیش لەگەڵیدا هاتن. رۆبن هوود و هاورێکانی لە چوار دەوری کڵێساکە دامەزران. رۆبن هوود قسەی لەگەڵ کچەکەدا کرد و گوتی: دەتەوێ شوو بە ویلیەم لینبی بکەی؟ کچەکە ووتی: نەخێر، من ئالان ئەیدەیل–م خۆشدەوێ.

رۆبن ووتی: کەواتە شوو بە ئالان ئەیدەیل بکە لەم کڵێسایەدا.

پاشان قەشەتەك هات و مارەی کردن. رۆبن هوود گوتی: ئێوە دەتوانن هەمووتان بۆ ماڵ بڕۆنەوە. هاورێکانی رۆبن هوود بە تیروکەوانەوە لە بەر دەرگای کڵێساکە وەستان تا خەڵکەکە رۆیشتن.

ڕۆبن هوود گوتی: با ئێستا بۆ دارستانەکە بگەڕێینەوە، ئێستا مایدماریان، خواردن و خواردنەوەی بۆ ئامادە کردووین، بە ئالان ئەیدەیل–ی گوت: تۆ ناتوانی بۆلای هاوڕێکانت بگەڕێیتەوە. بۆیە دەبێ خۆت و ژنەکەت لێرەدا و لەگەڵ ئێمەدا بمێننەوە.

ئالان ئەیدەیل گوتی: من ووتم ئەگەر تۆ خۆشەویستەکەم بدەیتەوە لەگەڵ تۆدا دەمێنمەوەو تا بمێنم خزمەتت دەکەم. ژنەکەشی گوتی: منیش هەروەها.

ڕۆبن هوود گوتی: بەڵێ پێویستمان بەتۆش دەبێ کە یارمەتیمان بدەی.

بەڵام ویلیەم لینبی هاوڕێی مێری نۆتینگهامە. ئەگەر بتوانێ خەڵك بۆ کوشتنمان دەنێرێت.

## (٦)

## ڕۆبن هوود و سێ کوڕەکە

ڕۆژێك ڕۆبن هوود لە دارستانەکەدا پیاسەی دەکرد. ژنێکی بە جل و بەرگی جوانەوە بینی کە بەرەو لای ئەم دەهات. زۆر دڵتەنگ بوو، ڕۆبن هوود گوتی: زۆر خەمبار دیاری، خێرە؟ دەتوانم چ یارمەتییەکت بدەم؟ ژنەکە گوتی: تەنیا سێ کوڕم هەیە، باوکیان مردووە. مێری نۆتینگهام بردوونی و دەیانکوژێت، چونکە ئاسکی میرەکانیان کوشتووە.

ڕۆبن هوود گوتی: تۆ بچۆ ماڵەوە من دەچم بۆ نوتینگهام و ئەگەر بتوانم ڕزگاریان دەکەم.

ڕۆبن لە نزیکی نوتینگهام، سواڵکەرێکی بینی. سواڵکەرە چاکەتێکی کۆنی پینە پینەی لەبەردا بوو. پینەکان سەوز و سوور و قاوەیی و شین و ڕەش بوون. سواڵکەرەکە دەستی پان کردەوەو داوای پارەی لێکرد.

ڕۆبن هوود گوتی: بەڵێ پارەت دەدەمێ ئەگەر تۆ چاکەتەکەتم بدەیتێ. ئاڵتوونت دەدەمێ، دەتوانی خۆراکی پێ بکڕی. ڕۆبن هوود، چاکەتەکەی لە سواڵکەرەکە وەرگرت و بەسەر جلە سەوزەکانیدا لەبەری کرد و چوو بۆ نوتینگهام و خۆی کرد بە سواڵکەر. ڕۆبن هوود، مێری نۆتینگهام و ٢٠ پیاوی بینی کە سێ کوڕەکەشیانی لەگەڵدا بوو. دەچوون لە سێدارەیان بدەن. ڕۆبن هوود، چووە بەردەمی مێری نوتینگهام و مێری نوتینگهام گوتی: لاکەوە لەسەر ڕێگەم سواڵکەری پیر.

ڕۆبن هوود گوتی: من داوای پارەت لێناکەم، داوای چ شتێکت لێناکەم تەنیا ئەوە نەبێ کە بمکەی بە جەلاد تا ئەم سێ گەنجە لە قەنارە بدەم.

میری نوتینگهام گوتی: بەڵێ تۆ دەتوانی ببی بە جەلاد و پارەو جل و بەرگەکانیشیان بۆخۆت.

رۆبن گوتی: من جل و بەرگ و پارەکەیانم ناوێ. بەڵام دەمەوێ فوو بە بۆقییەکەم دا بکەم بەر لەوەی لە سێدارەیان بدەم، ئەوە یارمەتی من دەدات. میر گوتی: بەڵێ دەتوانی وابکەیت.

رۆبن هوود بووقییەکەی لە بن چاکەتەکەیەوە دەرهێنا و فووی پێدا کرد. لەو کاتەدا سەدان تیر لە دارستانەکەوە هاتن. چاکەتە گوللە نەبڕەکەی میر پاراستی، بەڵام ١٢ پیاوی مردن. پاشان ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانی رۆبن هوود، لە گردەکەوە دا گەڕان. هەموو خەڵکانی نوتینگهام گوێیان لە دەنگیان بوو کە هاواریان دەکرد و دەیانگوت: رۆبن هوود.

میری نوتینگهام گوتی: ئەم پیاوانە کێن، ئەمانە کێن پێم بڵێ.

رۆبن هوود گوتی: ئەمانە پیاوی منن و هاتوون بۆ رزگارکردنی من و ئەم سێ کوڕە.

رۆبن هوود، جلی سواڵکەرەکەی داکەند و ئیدی میری نوتینگهام زانی ئەم پیرە سواڵکەرە کێ بووە.

میری نوتینگهام گوتی: سێ کوڕەکە لەگەڵ خۆتدا بەرە، من هیچم بۆ ناکرێ.. ئەمجارەیان.

پاشان رۆبن هوود و پیاوەکانی گەڕانەوەو سێ کوڕەکەشیان لەگەڵ خۆدا برد و بە خۆشییەوە گۆرانییان دەگوت.

میریش بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە، بیری لەوە دەکردەوە کە چی لە رۆبن هوود و پیاوەکانی بکات و دەیگوت: چییان لێبکەم. نازانم چییان لێبکەم! هەر دەبێ شتێکیان لێبکەم.

**(٧)**

**رۆبن هوود و تەنەکەچی**

میری نوتینگهام، دەیویست رۆبن هوود بگرێ. رۆبنیش بەمەی دەزانی. لە خۆی دەپرسی: میر چ دەکات و چۆن دەمگرێ؟ بەمجۆرە جلێکی دیکەی لەبەر کرد و بەرەو نوتینگهام کەوتە رێ. لە رێگەی نوتینگهامدا تەنەکەچییەکی بینی. ئەم تەنەکەچییە، قاپ و پ و قاچاخی لە تەنەکەو ئاسن دروست دەکرد. قاپ و مەنجەڵە شکاویشی چاك دەکردەوە. رۆبن هوود پێی گووت: بەیانیت باش. پێم بڵێ خەڵکی نۆتینگهام چ دەڵێن، چ دەنگ و باسێك هەیە؟

تەنەکەچییەکە گوتی: بەدووی پیاوێکدا دەگەڕێن ناوی رۆبن هوودە. میر ئەم بەیاننامەیەی داوینەتێ، لێی نووسراوە: (هەرکەسێك رۆبن هوود بگرێ و بیهێنێ بۆ میر یەك هەزار پاوند وەردەگرێ.)

رۆبن هوود، بەیاننامەکەی خوێندەوەو گوتی: بەڵێ لە بەیاننامەکەدا نووسراوە یەك هەزار پاوەندی ئاڵتوون، ئەمە پارەیەکی زۆر زۆرە، لەوەیە بتوانم یارمەتیت بدەم. تەنەکەچییەکە گوتی: پێم بڵێ دەتوانم لەکوێ رۆبن هوود بدۆزمەوە.

رۆبن گوتی: وەرە لەگەڵ من بۆ نوتینگهام لەوێ دەتوانی بیدۆزیتەوە.

پاشان رۆبن هوود و تەنەکەچییەکە بۆ نۆتینگهام چوون و خۆیان بە مەیخانەیەکدا کرد و خواردیانەوە. تەنەکەچییەکە رێگەیەکی زۆری بە پێ بڕیبوو، هەروەها رۆژێکی گەرمیش بوو، بۆیە زۆری خواردەوەو خەوی لێکەوت.

پاشان رۆبن هوود بەیاننامەکەو هەموو پارەکانی برد و رۆیی.

کە تەنەکەچییەکە خەبەری بووەوە، نە بەیاننامەکە و نە پارەکانی نەماون. هاواری کرد و لە خاوەنی مەیخانەکەی پرسی: ئەو پیاوە کێ بوو کە لەگەڵ مندا بوو؟!

مەیخانەچییەکە وەڵامی دایەوە: ئەوە رۆبن هوود بوو. دە پێنس–م بدەیێ هەقی خواردنەوەکەت.

تەنەکەچییەکە گوتی: ناتوانم دە پێنس–ت بدەمێ. رۆبن هوود هەموو پارەکەی بردووم، بەو دەڵێم پارەکەت بداتێ، لەکوێ بیدۆزمەوە؟

- دەتوانی لە دارستانی شێروود بیدۆزیتەوە کە لەوێ ئاسکی پاشاکان دەکوژێت.

پاشان تەنەکەچییەکە، چوو بۆ دارستانەکەو رۆبن هوودی دۆزییەوە. تەنەکەچییەکە بە دەنگی بەرز گوتی: توانیم بتدۆزمەوە. تێڵایەکی درێژی بەدەستەوە بوو، دەستیان کرد بە شەڕ. تەنەکەچییەکە زۆر باش شەڕی دەکرد. رۆبن هوود تا ئەو کاتە لەگەڵ هیچ کەسێك دا شەڕی نەکردبوو وەکو ئەو خێرابێ. رۆبنیش زۆر باش شەڕی دەکرد. تێڵاکەی جار لە دووی جار دەدا بەسەری تەنەکەچییەکەدا.

تەنەکەچییەکە، بە پێکەنینەوە گوتی: مێشکم هیچی تێدا نییە بۆیە دەتوانی تا هێزت تێدایە پێیدا بکێشیت. تەنەکەچییەکە لە رۆبن هوود چاکتر شەڕی دەکرد. بۆیە لە ئەنجامدا تێڵاکەی بە رۆبن هوودا کێشاو رۆبن هوود کەوتە سەر زەوی. تەنەکەچییەکە، بەدیار سەری رۆبن

هوودەوە وەستاو گوتی: ئێستا پارەکەم بدەوەو بەیاننامەکەی (میر)شم بدەوە، پاشان بەو دارەدا هەڵتدەواسم.

رۆبن هوود گوتی: تۆ لە من باشتر شەڕ دەکەیت. با بۆ دواجار فوویەك بە بووقییەکەم دا بکەم. ئەوجا فوویەکی بە بووقییەکەیدا کرد و جۆنە چکۆڵ و ویلیەم سکارلێت بە ڕاکردن هاتن.

رۆبن هوود گوتی: ئەم تەنەکەچییە لەگەڵ مندا شەڕی کرد و ئەو سەرکەوت بەسەر مندا دەیەوێت بەم دارەشدا هەڵمبواسێت.

جۆنەچکۆڵ گوتی: ئەو زۆر لەتۆ زەبەلاح ترە من شەڕی لەگەڵ دەکەم.

رۆبن ووتی: نا! نا! لەمە زیاتر شەڕ ناکەین ئەم تەنەکەچییە پیاوێکی زۆر باشەو زۆر باش شەڕ دەکات من توورە نیم لێی زۆریش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بێت و لەگەڵ ئێمە بژی.

جۆنە چکۆل ووتی: تۆ چی دەڵێیت؟ تەنەکەچی؟

تەنەکەچییەکە وەڵامی دایەوە: ئەم دارستانە زۆر خۆشەو پیاوەکانی لێرەش دەژین زۆر ئازان بۆیە منیش لەمە زیاتر تەنەکەچییەتی ناکەم و لەگەڵ ئێوە دەژیم.

پاشان تەنەکەچییەکە بوو بە یەکێك لە هاوڕێکانی رۆبن هوود.

**(٨)**

**رۆبن هوود و ئەسپ سوارە هەژارەکە)**

ئەسپ سوارەکان شەڕیان لەگەڵ خەڵکدا دەکرد. لە قەڵادا دەژیان، زۆربەیان زەویدار بوون، زۆربەشیان پارەدار و زەنگین بوون.

بەیانییەك رۆبن هوود و چەند پیاوێکی لە ژێر دارێکدا وەستابوون.

جۆنە چکۆل گوتی: پێویستە ئێستا شتێك بخۆین. رۆبن هوود وەڵامی دایەوە: من هیچ ناخۆم تا ئەسپ سوارێکی دەوڵەمەند نەدۆزمەوە تا نانمان لەگەڵدا بخوات و پارەیەکی زۆرمان بۆ خواردنکەی خۆی بداتێ.

جۆنە چکۆل و میدج، تیروکەوانەکەیان بردوو چوون بۆ رێگەی دارستانەکە. لە تەنیشت دارێکەوە چاوەڕێیان کرد، پاش تۆزێك ئەسپ سوارێکیان بینی، زۆر دڵتەنگ بوو، ئەسپێکی پیری پێ بوو، و جلەکانی کۆن بوون. جۆنە چکۆل چووە لای و پێی گوت: سەرۆکەکەمان داوات لێ دەکات کە بێیت و لەگەڵ ئەودا نان بخۆیت.

ئەسپ سوارەکە گوتی: کێ سەرۆکتانەو کێ داوام لێدەکات نانی لەگەڵ بخۆم، ناوی چییە؟!
ووتیان: ناوی رۆبن هوودە.
ئەسپ سوارەکە گوتی: رۆبن هوود پیاوێکی باشە، بۆیە بڕیارم دا لەگەڵتاندا بێم.
جۆنەچکۆل و میدج، ئەسپ سوارەکەیان لەگەڵ خۆیان برد.
رۆبن هوود گوتی: من زۆر خۆشحاڵم بە دیتنت، وەرە لەگەڵ ئێمەدا نان بخۆ. هەموویان دانیشتن تا نان بخۆن. خواردنەکە زۆر خۆش بوو. مايد ماريان و ژنەکەی ئالان ئەیدەیل ئاسکی دارستانەکەو قازی روبارەکەیان هێنابوو.. هەموو خواردنەکان زۆر باش بوون.
ئەسپ سوارەکە گوتی: زۆر لە مێژە خواردنی وا خۆشم نەخواردووە. رۆبن هوود گوتی: ئێستا داوات لێ دەکەم کە پارەی خواردنەکەت بدەیت. من پیاوێکی زۆر هەژارم، ناتوانم پارەی خواردنی ئەسپ سوارێك بدەم.
ئەسپ سوارەکە گوتی: من پارەم نییە، بۆیە ناتوانم پارە بدەم، لە ٢٠ پێنس زیاترم پێ نییە.
رۆبن هوود گوتی: ئەگەر ئەوە هەموو پارەکەت بێ هیچت لێ ناسەنم.
بە جۆنە چکۆلی گوت: بچۆ بزانە ئەوە هەموو پارەکەیەتی؟! جۆنە چکۆل، پارەکانی لە گیرفانی ئەسپ سوارەکە دەرهێناو پیشانی رۆبن هوودی دا. تەنیا "٢٠" پێنس بوو.
رۆبن گوتی: بۆچی پارەت زۆر کەمە، جلەکانت کۆنەو ئەسپەکەت زۆر پیرە، بۆ ئەوەندە هەژاری؟ زۆربەی ئەسپ سوارەکان دەوڵەمەندن.
ئەسپ سوارەکە وەڵامی دایەوە: پارەکانم هەمووی رۆیشتن چونکە کوڕەکەم حەزی لە شەڕ بوو، لە شەڕێکدا ئەسپ سوارێکی تری بە هەڵە کوشت، نەیدەویست بیکوژێ، هاوڕێی خۆی بوو.، بەڵام زۆر بە سەختی بریندار بوو و مرد. بۆیە من پارەیەکی زۆرم دا. هەرچیم هەبوو فرۆشتم و ویلیەم لینبی-ش چوارسەد پاوەندی دامێ، دەبێ بەیانی بیدەمەوە، ئەگەر نەیدەمەوە، هەموو زەوییەکانم و قەڵاکەشم دەبات.
رۆبن هوود گوتی: هیچ هاوڕێیەکت نییە یارمەتیت بدات؟!
- کە دەوڵەمەند بووم هاوڕێم زۆر بوو، بەڵام ئێستاکە هەژارم هێچ هاوڕێیەکم نییە.
رۆبن هوود، بە جۆنە چکۆل-ی گوت: هەموو پارەکانمان بۆ ئێرە بێنە.

جۆنە چکۆل پارەکانی هێناو رۆبن هوود چوارسەد پاوەندی دەرهێناو گوتی: ئێمە ئەو پارەیەمان لەو کەسانە وەرگرتووە کە پارەدارن، ئەم پارەیە بۆیە دەدەم بەتۆ چونکە پارەت زۆر کەمە. برۆ پارەکەی ولیەم لینبی بدەوەو زەوییەکانت رزگار بکە.
پاشان جل و بەرگ و ئەسپی تازەیان دایێ، ئەویش سواری ئەسپەکە بوو، رۆبن هوود و هەموو هاورێکانی خواحافیزییان لێکرد. ئەویش گوتی: هەمیشە ئێوەم لەبیر دەبێ کە چۆن یارمەتی منتان داوە، رۆژێك دەبێ بێمەوە بۆ لاتان و چاکەتان بدەمەوە.
رۆبن هوود گوتی: یارمەتی خەڵکی دی بدە بە هەمان شێوەی کە ئێمە یارمەتی تۆمان دا.

**(٩)**

**ئەسپ سوارەکەو پیاوە دەوڵەمەندەکە**

ئەسپ سوارەکە لە دارستانەکەوە بە سواری ئەسپە تازەکەی دەڕۆیشتەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "بەیانی دەچم و پارەکەی ولیەم لینبی دەدەمەوە. ناتوانێ قەڵاو زەوییەکانم ببات.
ولیەم لینبی، پیاوێکی زۆر قەڵەو بوو. زۆر دەوڵەمەند بوو. زۆر خراپ بوو، کڵێسای لینبی لە زەوی ئەودا بوو، قەشەی ئەم کڵێسایەی هاندا بوو تا یارمەتی بدات لە ئیش و کارەکانیدا. قەشەکە خوێنەواری هەبوو، بەڵام ولیەم نەیبوو، ولیەم لینبی زۆر دڵی خۆشبوو، بە قەشەکەی گوت: بیرتە ئەسپ سوارەکە چوار سەد پاوەندی لێسەندم؟ دەبێ پارەکەم بۆ بێنێتەوە. ئەگەر بۆم نەهێنێتەوە ئەوا زەوی و قەڵاکەی بۆخۆم دەبەم. زۆر باشە، زۆر زۆر باشە.
قەشەکە کە پیاوێکی زۆر باش بوو گوتی: زۆر خراپە گەر ئەسپ سوارەکە زەوییەکانی لەدەست بچێ.
ولیەم وەڵامی داوە: راستە بۆ ئەو خراپە، بەڵام بۆمن زۆر باشە.
بۆ رۆژی دوایی ولیەم لینبی لەسەر کورسییەك لە ژوورەکەی دانیشتبوو. زۆر دڵی خۆش بوو. مێزەکەی بەردەمی هەمووی خواردن بوو. گوتی: ئەمڕۆ قەڵایەکی گەورەو کۆمەڵێك زەوی و زارم دەست دەکەوێ.
دەرگاوانەکە هاتە ژوورەوەو گوتی: لە دەرەوە ئەسپ سوارێك وەستاوەو دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات. ولیەم لینبی دڵی تەنگ بوو. بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی: " لەوانەیە هاتبێ تا پێم بڵێ چاوەڕوانم بکە بۆ رۆژێك یان دوو رۆژ یا هەفتەیەك یا مانگێك، بەڵام تاقە یەك رۆژیش

چاوەڕێی ناکەم. پاشان بە دەرگاوانەکەی گوت: با بێتە ژوورەوە. قەشە میهرەبانەکە گوتی: قەسر و زەوییەکانی مەبە، چاوەڕوانی بکە.

ولیەم گوتی: نەخێر، دەبێ ئەمڕۆ پارەکەم بداتەوە. ئەسپ سوارەکە، زۆر بە دڵتەنگی هاتە ژوورەوەو گوتی: تکات لێدەکەم مۆڵەتم بدەیێ تا پارەکەت بدەمەوە، تەنیا مۆڵەتێکی کەم.

ولیەم لینبی گوتی: نەخێر، هەرگیز لە سەرت ناوەستم، دەبێ ئەمڕۆ بەر لە رۆژاوا پارەکەم بدەیتەوە. ئەگەر نەمدەیتەوە ئەوا دەست بەسەر قەسر و زەوییەکانتدا دەگرم و دەبن بە هی من.

قەشەکە گوتی: زۆر دڵرەق مەبە لەگەڵیدا.

ئەسپ سوارەکە، چووە نزیکی ولیەم لینبی، سەیرێکی کرد و گوتی: کاتێ چوارسەد پاوەندەکەت دامێ، وامزانی پیاوێکی زۆر چاکی و هاوڕێمی. بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوت کە پیاوێکی زۆر خراپی و هاوڕێم نیت. جانتاکەی کردەوەو ئەو چوارسەد پاوەندەی لێ دەرهێنا کە رۆبن هوود دابوویێ. ئەمە پارەکەتە. قەشەکە گوتی: زۆر باشە، کەواتە قەسرو زەوییەکانت کڕییەوە، زۆر باشە.

ئەسپ سوارەکە بۆماڵ رۆیشتەوە. ژنەکەی چاوەنۆڕی دەکرد. پرسیاری لێکرد: هەموو شتەکانمان لەدەست چوو؟! دەبێ هەموو شتەکانمان بدەین بە ولیەم لینبی؟! ئەسپ سوارەکە هاواری کرد: نەخێر. رۆبن هوود پارەکەی دامێ، کەواتە زۆر دڵمان خۆشە، بەڵام ولیەم لینبی هیچ دڵی خۆش نییە. دەبێ مەمنوونی رۆبن هوود بین. بە دڵێکی خۆشەوە چوونە ناو کۆشکەکەیان.

## (١٠)

## رۆبن هوود و نۆرمانییەکە

رۆبن هوود ٤٠٠ پاوەندی بە ئەسپ سوارەکەدا تا پارەکەی ولیەم لینبی بداتەوە. ئەسپ سوارەکە گوتی: رۆژێك دێمەوە. ئیدی کابرای ئەسپ سوار کەوتە کار کردن، پارەی کۆدەکردەوە، پاش ماوەیەك ٤٠٠ پاوەندی کۆکردەوە.. خۆی و هاوڕێکانی ٤٠٠ کەوانیان دروستکرد، ژنەکەی و هاوڕێکانیشی ٤٠٠ تیریان دروست کرد. ئەوسا رۆیی تا ٤٠٠ پاوەندەکەو تیروکەوانەکان بۆ رۆبن هوود ببات.

ئەو رۆژە سێ هاوڕێی رۆبن هوود، جۆنە چکۆل و میدچ و ویلیام سکارلیت، بە تیرو کەوانەوە چوون بۆ سەر رێگاکە.

جۆنە چکۆل: پێویستە پیاوێکی دەوڵەمەند بدینین لەم رێگەیەدا، ئەگەر بەهۆی پارەی هەژارانەوە دەوڵەمەند بووبێ، بیبەین بۆلای رۆبن هوود. جۆنە چکۆل نۆرمانییەکی بینی لەگەڵ کۆمەڵێك پیاودا بە رێگەکەدا دەهات. پیاوێك رێنیشاندەریان بوو، باوڵی زەلام زەلام بەسەر ئەسپەکانیانەوە بوو. جۆنە چکۆل و میتچ و ولیەم سکارلیت بە تیروکەوانی ئامادەوە لەسەر رێگەکە وەستابوون. جۆنە چکۆل بە نۆرمانییەکەی گوت: ئەگەر زیاتر بێیتە پێشەوە تیرەکە دەهاوم.

نۆرمانییەکە گوتی:– کێ سەرۆکتانە؟ ووتیان:– رۆبن هوود سەرۆکمانە، ئێمە پیاوی ئەوین.

نۆرمانییەکە گوتی: رۆبن هوود؟ پیاوێکی یاساشکێنە.

جۆنە چکۆل گوتی: نەخێر پیاوێکی زۆر باشە و لە دارستانێکی نزیکی ئێرە دەژی. حەز دەکات یارمەتی خەڵکی بدات.

پاسەوانانی نۆرمانییەکە لە رۆبن هوود دەترسان بۆیە رایانکرد، تەنیا سێ کەس مانەوە، دوو پاسەوان و رێنیشاندەرەکەیان. جۆنە چکۆل بۆ دارستانەکەی بردن.

رۆبن هوود گوتی: ئەمانە کێن؟ هاتوون نانمان لەگەڵ بخۆن؟

جۆنە چکۆل گوتی: ئەمە نۆرمانییە. لەسەر رێگەکە پێیان گەیشتین و ئەم دوو پیاوەش پاسەوانن، پاسەوانەکانی دی رایانکرد. ئەم پیاوەش دەلیلی ئەسپەکانە.

رۆبن هوود گوتی: خۆشحاڵم بە دیتنتان.

نۆرمانییەکە هیچی نەگوت.

رۆبن گوتی: قسە ناکەیت؟ سوپاسم ناکەیت؟ بەڵام بەنیازی لەگەڵ ئێمە نان بخۆی. رۆبن فووی بە بووقییەکەیدا کرد، سەد پیاو بە جلی کەسکەوە لە دارستانەکە هاتنە دەرەوە.

مایدماریان ئاوی بۆ نۆرمانییەکە هێناو ئەویش دەست و پلی ششت. ئاسکێکی قەڵەوی گەورە لەسەر ئاگر بوو. نۆرمانییەکە لای ئاگرەکەوە دانیشتبوو، چێشتێکی زۆر باشی خوارد. پیاوێکی زۆر قەڵەو بوو، خواردنەکەشی زۆر بەدڵ بوو.

رۆبن هوود گوتی: ئەو ئەسپانەت کە لەوێن، بارەکانیان چییە؟ پارەی زۆرە؟

نۆرمانییەکە گوتی: نەخێر من دەوڵەمەند نیم. تەنیا ١٥ پاوەندم هەیە.

رۆبن هوود گوتی: ئەمە هەموو پارەکەیە کە هەتە؟! دەتوانین تەماشای باوڵەکان بکەین؟
جۆنە چکۆل، باوڵەکانی داگرت لەسەر ئەسپەکان، و گوتی: بزانم چەندیان پارە تێدایە.
نۆرمانییەکە گوتی: نەخێر، نەخێر تەنیا ١٥ پاوەندم هەیە. لەوە زیاترم نییە. باوڵەکان مەکەنەوە، پارەکان لەم جانتایەدایە.
رۆبن هوود گوتی: ئەگەر تەنیا ١٥ پاوەندت هەبێ ئەوا کەسێکی هەژاری و من پارەت دەدەمێ.
جۆنە چکۆل، باوڵەکانی کردەوە، هەموو پارەکانی ناوی دەرهێنان، چاکەتەکەی لەسەر ئەرزەکە داخست و هەموو پارەکانی خستە سەری. جۆنە چکۆل گوتی: هەشت سەد پاوەندی تێدایە، ئەگەر لە جانتاکەیدا ١٥ پاوەند هەبێ ئەوا ٨١٥ پاوەندی هەیە.
رۆبن هوود گوتی: من پارەت نادەمێ، دەبێ تۆ پارەم بدەیتێ. ئەم پارانە هەمووی بۆ خەڵکی هەژارە. سوپاس نۆرمانییە باشەکە، چونکە زۆر میهرەبانیت بۆ هەژاران. زۆر دڵخۆشت کردوون، پێویستە سوپاسم بکەی بۆ خواردنە خۆشەکانمان و ئەوجا دەتوانی برۆیت. پاشان رێنیشاندەری ئەسپەکان قسەی کرد. ساکسۆنی بوو، گوتی: ئەم پارەیە لە خەڵکی هەژار وەرگیراوە، ئێستا دەگەڕێتەوە بۆلای هەژاران، من بەمە زۆر خۆشحاڵم. ئەوجا نۆرمانییەکە رۆیشتەوە لەگەڵ دوو پاسەوانەکەیداو باوڵەکانیشی برد، بەڵام ئەمجارەیان بەتاڵ بوون. ساکسۆنییەکەش لەگەڵ رۆبن هوودا مایەوە.
تۆزێك دواتر ئەسپ سوارەکە و پیاوەکانی لە دارستانەکەوە هاتنە دەرێ. رۆبن گوتی: زۆر خۆشحاڵم بە بینینت. بۆچی هاتی بۆلامان.
- تا چوارسەد پاوەندەکەت بدەمەوە.
نۆرمانییەك ٨٠٠ پاوەندی دامێ، تۆ دەتوانی چوارسەد پاوەندەکەت هەڵگری و کۆمەکی ئەو خەڵکە هەژارە بکەیت کە لە نزیك کۆشکەکەت دەژین. بەڵام ئەو تیروکەوانانە چین کە پێتن. باشترین تیروکەوانن تا ئێستا من دیتبم.
ئەسپ سوارەکە گوتی: ئەوە دیارییە و بۆتۆم هێناوە. تەنیا بەو شێوازە توانیم چاکەت بدەمەوە. چاکەی ئەو یارمەتییە کە تۆ داتمێ. ژنەکەم و هاوڕێکانی تیرەکانیان دروستکردووەو من و هاوڕێکانیشم کەوانەکانمان دروستکردووە. رۆبن هوود گوتی: نۆرمانییەکە بیری نەبوو لە بری خواردنەکان سوپاسمان بکات. بەڵام تۆو ژنەکەت بیرتان بوو

سوپاسمان بکەن و زۆر بە جوانی سوپاستان کردین. تکایە هەر کاتێك پێویستت بە یارمەتی بوو پێمان بڵێ.

## (١١)

## رۆبن هوود و دوو قەشە

قەشەی زۆر باش هەبوو زۆر یارمەتی خەڵکیان ئەدا بەڵام قەشەی خراپیش هەبوو پارەیان لە خەڵك دەسەند و بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنا.

رۆژێك رۆبن هوود وەکو پیاوێکی هەژار خۆی گۆڕی بە رێگایەکدا دەڕۆشت، دوای تۆزێك دوو قەشەی بینی دەهاتن بەرەو رووی رۆبن هوود دەستی بەرز کردەوەو داوای پارەی لێکردن و ووتی: من لە رێگەیەکی دوورەوە هاتووم، هیچم پێ نییە بیخۆم و بیخۆمەوە تکایە تۆزێك پارەم بدەنێ با خواردنی پێ بکڕم.

قەشەیەکیان گەنجێکی قەڵەو بوو، ووتی: ئێمە ناتوانین یارمەتیت بدەین چونکە خۆمان پارەمان پێ نییە خۆت ئەزانی یاخییەکان لەسەر رێگاکەن. ئەم بەیانییە یەکێك لەوان لەسەر رێگاکە هەموو پارەکانی لێ سەندین، لەبەر ئەوە ئێستا پارەمان پێ نییە. رۆبن هوود زانی پیاوەکانی پارەیان لێ نەسەندوون بۆیە ووتی: پارەتان پێ نییە، زۆر خراپە، دوو پیاوی باش لێرەن و پارەیان پێ نییە خواردن بکڕن و یارمەتی هەژار بدەن ئەمە زۆر دڵتەنگم دەکات.

قەشەکەی تریان پیاوێکی زەعیف لوتێکی درێژ و دەمووچاوێکی سووری هەبوو بە قەشەکەی برادەری ووت: من چارەی ئەم کابرایەم ناوێت با بڕۆین، هەردووکیان بە پەلە رۆیشتن بەڵام رۆبن هوود لە راکردندا زۆر خێرابوو، رایکرد بە دوایاندا و وای لێکردن بگەڕێنەوە و پێی ووتن: ئێوە وتتان پارەمان پێ نییە با ئەم سیانەمان لە ژێر ئەم دارەدا دانیشین و بپاڕێینەوە تا پارەمان دەست دەکەوێت بزانین کاممان دوعاکەمان قبوڵ دەبێت. دوو قەشەکە زانیان رۆبن هوود دەزانێت چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات لەبەر ئەوە دانیشتن و پاڕانەوە تا پارەیان دەست بکەوێت– پارەیەکی زۆر.

پاش ماوەیەك یەکێك لە قەشەکان هەستایە سەرپێ و ووتی: من ئیتر ئەمە ناکەم و ئەڕۆم.

رۆبن هوود: دانیشە و من چیم ووت تۆ بیکە. قەشەکە دانیشتەوە.

پاش سەعاتێك رۆبن هوود ووتی: ئێستا ئەتوانن هەستن، ئێستا پارەکە ئەبینن کە لە ئەنجامی دووعاکانمان وەرمان گرتووە پارەکە دەکەین بە سێ بەشەوە هەر یەکێك لە ئێمە بەشێکی دەست دەکەوێت.

یەکێك لە قەشەکان پرسی: بۆ دەبێت وابکەین؟

رۆبن سەیری کرد و ووتی: تۆ ووتت من پارەکانم هەمووی لەدەست داوە ئەگەر دوعاکەت قبولْ بووبێت پارەی زۆرترت بۆ هاتبێت شتێکی زۆر باشە! خۆشحالْ دەبیت کە بەشێکی بدەی بە من.

قەشە پیرەکە ووتی: تۆ ئەتەوێت ئێمە چی بکەین؟ بێڵێ و با ئێمە بیکەین.

دەست بخەنە گیرفانتانەوە بزانن پارەی تیایە.

دەستیان خستە گیرفانیان، قەشە گەنجەکە دەستی دەرهێنایەوەو ووتی: هیچی تێدا نەبوو، پاشان قەشە پیرەکەش بە هەمان شێوە. رۆبن هوود دەستی خستە گیرفانی و ووتی: پارەی تیا نەبوو، ئێستا دەبێت ئێوە دەست بکەن بە گیرفانی مندا بۆ ئەوەی بڕوا بکەن کە پارەم پێ نییە.

رۆبن هوود گوتی: ئێستا من دەست دەکەم بە گیرفانی ئێوەدا. رۆبن هوود دەستی کرد بە گیرفانی قەشە گەنجەکەداو گوتی: ئەم جانتایە پڕە لە پارە! واتان زانیبوو کە پارەتان پێ نییە بەڵام دوعاکانتان قبولْ بوو پارەتان بۆ هات.

پاشان رۆبن هوود دەستی کرد بە گیرفانی قەشە پیرەکەداو جانتایەکی پڕ لە پارەی دەرهێناو گوتی: پێم ووتن دووعا بکەن بۆ ئەوەی پارەتان دەست بکەوێت، بزانن بەهۆی دوعاکەوە ئەم هەموو پارەیەتان دەست کەوت ئێستا ئەیکەین بە چوار بەشەوە.

قەشە گەنجەکە ووتی: چوار بەش؟ تۆ ووتت سێ بەش. رۆبن هوود ووتی: بەشێك بۆتۆ، بەشێك بۆ هاوڕێکەت، بەشێك بۆمن و بەشێکیش بۆ خەڵکی هەژار.

قەشەکە ووتی: بەڵام خەڵکی هەژار لێرە نەبوون و دووعاشیان نەکردووە.

رۆبن ووتی: خەڵکی هەژار هەمیشە لەگەڵ ئێمەن و هەمیشە پارەیان دەوێت، ئێستا دەتوانن بڕۆن و خواردن بکڕن بۆخۆتان و پاشان قەشەکان ووتیان: چی تر؟.

رۆبن ووتی: لە بیرتان نەچێت هەندێك لە پارەکانتان بدەن بە خەڵکی هەژار.

(١٢)

## چۆن رۆبن هوود، ولیەم ستوتلی لە قەنارە رزگار کرد

ولیەم ستوتلی یەکێك بوو لە پیاوەکانی رۆبن هوود، هەندێك جار لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ئەچوو بۆ نۆتینگهام بۆ ئەوەی شت بکڕێ جلە سەوزەکانیان لەبەر نەدەکرد بەڵکو وەك جوتیار و کرێکار خۆیان دەگۆڕی بەڵام رۆژێك یەکێك ولیام ستوتلی لە نۆتینگهام بینی و ناسییەوە، ئەم کەسە چوو بۆلای میر و پێی ووت، میریش چەند کەسێکی نارد بۆ ناوشار و (ولیەم)یان گرت و بردیان بۆ کۆشکی میر.

پیاوەکانی هاوڕێی کە ئەمەیان زانی بە پەلە خۆیان گەیاندە دارستانەکەو بە رۆبنیان ووت: میری نۆتینگهام ویلیەم ستوتلی گرتووەو لە سێدارەی ئەدا.

رۆبن هوود پیاوەکانی بانگ کرد و ووتی: تیروکەوانەکانتان هەڵگرن. ئەبێ بچین ویل ستوتلی لەدەست میر رزگار بکەین ماید ماریانیش یەکی جانتایەك خواردنی دانێ.

کاتێك کە گەشتنە نزیك قەڵاکە رۆبن ووتی: ئەبێ ئەمشەو لەو دارستانەدا خۆمان بشارینەوە. نابێ بە هیچ شێوەیەك نزیك قەڵا بکەوینەوە. ئەگەر نزیك بکەوینەوە پیاوەکانی میر دەمانبینن.

دەنگە دەنگ مەکەن، ئاگر مەکەنەوە قسەش مەکەن. پاشان پیاوەکان، هەندێك لە خواردنەکانیان خوارد و نووستن. پاشان کە بۆ بەیانی هەموویان سەیری قەڵاکەیان دەکرد، کەس لە قەڵاکە نەهاتە دەرێ، لە دواییدا رۆبن هوود دەرگایەکی بچووکی بینی کرایەوە قەشەیەك هاتە دەرێ لە دەرگاکە، پیاوێکی زۆر زل بوو. رۆبن هوود بە میدج–ی ووت: برۆ لە قەشەکە بپرسە بزانە هیچ لە بارەی ویل ستوتلییەوە ئەزانێ.

میدج چاکەتێکی رەشی کۆنی لەبەر کرد و چوو بۆلای قەشەکەو پێی ووت: ئەتوانی شتێکم لەبارەی ویل ستوتلی یەوە پێ بڵێیت؟

قەشەکە ووتی: بەڵێ، دوێنێ میرو پیاوەکانی گرتوویانەو لە ماوەی ئەم کاتژمێرەدا لە سێدارەی ئەدەن منیش ویستم بچم رۆبن هوود بدۆزمەوەو پێی بڵێم تا یارمەتی بدات بەڵام کات نەماوەو میریش پیاوێکی زۆر خراپەو بەڵام رۆبن هوود یارمەتی خەڵکی زۆر داوەو پیاوەکانیشی زۆر باشن.

میدج ووتی: ئەگەر رۆبن هوود لەم نزیکانە بێت چی دەکەیت؟

قەشەکە ووتی: چیم لە تواناندا بێت بۆی دەکەم.

میدج ووتی: وەرە لەگەڵ من، قەشەکەی برد بۆلای رۆبن هوود. رۆبن هوود ووتی: میرو پیاوەکانی چی دەکەن ئەگەر ئێمە ویل رزگار بکەین؟
قەشەکە وەڵامی دایەوە: کە تۆ ببینن ویل ستوتلی دەکوژن و رائەکەنەوە بۆ قەڵاکە.
رۆبن هوود بە قەشەکەی ووت: تۆ پیاوێکی زۆر گەورەیت بەقەدەر جۆنە چکۆل دەبیت، جلەکانی خۆت بدەیت بە جۆنە چکۆل و فێری بکە چۆن هەڵسوکەوت بکات.
پاشان جۆنە چکۆل جلەکانی قەشەی لەبەر کرد، دەرگا گەورەکەی قەڵاکە کرایەوە و میر هاتە دەرەوەو پاشان (وێل ستوتلی)یان هێناو پیاوەکانی میر هاتن و هەموویان شمشێریان بەدەستەوە بوو، چل پیاو بوون هەموویان بەرەو گردە بچووکەکە دەڕۆشتن بۆ ئەوەی ویل ستوتلی لە سێدارە بدەن.
جۆنە چکۆل چووە پێشەوەو بە پیاوەکانی میری ووت: لەم ناوە برۆن لە نزیك ئەو کەسەوە مەوەستن کە دوا دووعای دەکات.
هەموویان چوونە دواوە بەڵام تەنها یەکێکیان نەبێت کە لە نزیکەوە وەستابوو شمشێریشی بەدەستەوە بوو.
جۆنە چکۆل بەپەلە شمشێرەکەی دەستی پیاوەکەی وەرگرت و دای بە وێل و شمشێرە گەورەکەی خۆیشی کە لە ژێر چاکەتەکەیەوە شاردبوویەوە، دەریهێناو هاواری کرد ئێستا شەڕ دەست پێدەکات.
وێل و جۆن پشتیان بە پشتی یەکەوە بوو پیاوەکانی میر لە هەموو لایەکەوە هاتن بۆیان و وێل و جۆنە چکۆل زۆر بە باشی شمشێرەکانیان بەکار دەهێنا، دەنگی شمشێرەکان زۆر بەهێز بوو و زۆر باش شەڕیان دەکرد. میر و پیاوەکانی رۆبن هوود و پیاوەکانیان نەبینی کە لە دارستانەکەوە هاتە دەرێ و تیرەکانیان وەکو باران ئەیدا لە پیاوەکانی میر و (١٠) پیاوی میر کە مابوونەوە بە پەلە خۆیان گەیاندەوە قەڵاکە (٣٠) کەس لە پیاوەکانی میر مردبوون و لەسەر گردە بچووکەکە کەوتبوون، رۆبن و پیاوەکانی لەگەڵ وێل ستوتلی گەڕانەوە بۆ دارستانەکە.

## (١٣)

## چۆن رۆبن هوود و میر نانی ئێوارەیان لەگەڵ یەکدا خوارد

رۆبن هوود پیاوێکی بینی لەسەر رێگاکەی و عەرەبانەیەکی پێ بوو.

رۆبن لێی پرسی: چی له عەرەبانەکەتدایه؟
پیاوەکه ووتی: گۆشت، من قەسابم ئەچم بۆ نۆتینگهام، گۆشتەکه دەفرۆشم.
رۆبن هوود ووتی: من دەمەوێ هەموو گۆشتەکەو عەرەبانەکەشت لێ بکڕم، چەندت بدەمێ؟
پیاوەکه رۆبن هوودی دەناسی و ئەیزانی که یارمەتی خەڵکی هەژار دەدات بۆیه عەرەبانەو گۆشتەکانی به پارەیەکی کەم پێ فرۆشت.
ربۆبن ووتی: ئەتوانی جلەکانیشم پێ بفرۆشیت جلەکانت وەکو جلی قەسابه، منیش دەمەوێ وەکو قەساب بم له نۆتینگهام. پاشان رۆبن چوو بۆ نۆتینگهام و دەستی کرد به گۆشت فرۆشتن و گۆشتەکەشی به هەرزان دەفرۆشت.
میر ساڵی جارێك داوای له قەسابەکان دەکرد که نانی لەگەڵ بخۆن، قەسابەکانی دی به رۆبن هوودیان ووت: ئەمڕۆ دەبێ نانی ئێواره لەگەڵ میر بخۆین.
رۆبن ووتی: بەڵێ دەزانم.
پاشان رۆبن لەگەڵ قەسابەکانی دی چوو بۆ ئەوەی نانی ئێواره لەگەڵ میر بخوات.
میر (رۆبن)ی نەناسییەوه بەڵام زانی که گۆشتەکەی زۆر هەرزان فرۆشتووه. به رۆبنی ووت: هیچ ئاژەڵێکت هەیه بیفرۆشیت.
رۆبن ووتی: بەڵێ، له سەد ئاژەڵ زیاترم هەیه دەتەوێ بێیت و بیانبینیت.
کاتێك که نانیان خوارد میر (٣٠٠) پاوەندی خسته جانتاکەیەوەو لەگەڵ رۆبن رۆشت بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانی رۆبن ببینێت (٣٠) پیاویشی لەگەڵ خۆی برد، پاشان بەڕێ کەوتن بەرەو دارستانەکه، رۆبن میری برد بۆ ناوەوەی دارستانەکه میر ووتی: نامەوێت رۆبن هوود ببینم، لێی ناترسم بەڵام خۆم ئاماده نەکردووه که خۆی و پیاوەکانی له دارستانەکه دەربکەم و بیانکوژم. رۆبن ووتی: سەیرکه ئەوه هەموو ئاژەڵەکانمن، میر کۆمەڵێك ئاسکی زۆری لەناو دارستانەکەدا بینی. گۆشتی ئەمانه زۆر باش و زۆر باشترن لەوانەی که له نۆتینگهام دەمفرۆشتن.
میر رۆبنی ناسییەوەو هاواری کرد ئەوه رۆبن هووده بیگرن. بەڵام رۆبن فووی کرد به بووقییەکەیدا و سەد پیاو به جلی سەوزەوه لەوێ ئاماده بوون. هەندێکیان لەسەر دارەکانەوه دەهاتنه خوارەوه، بەڵام کەس نەیدەزانی ئەوانەی تر لەکێوه دەهاتن، گرنگ ئەوه بوو لەوێ ئاماده بوون.

ڕۆبن ووتی: من میرم هێنا بۆ ئێرە بۆ ئەوەی نانی ئێوارەمان لەگەڵدا بخوات پاشان بە میری ووت جانتاکەتم بدەرێ، ڕۆبن (٣٠٠) پاوەندەکەی لێ دەرهێناو ووتی ئەمە هەقی نان خواردنەکەتە، هەندێ گۆشتی زۆر باشمان هەیە بۆتۆی لێدەنێین، گۆشتی یەکێکە لە ئاسکە هەرە قەڵەوەکانی پاشا.

پاشان وای لە میر کرد کە بەزۆر دابنیشێت و نانیان لەگەڵ بخوات.

دوای نان خواردنەکە ڕۆبن هوود گوتی: جاری داهاتوو ئەگەر هاتی بۆ دارستانی (شێروود) نانی ئێوارەمان لەگەڵ بخۆ دووبارە بەڵام ئەمجارە (٥٠٠) پاوەند بهێنە هەقی خۆت لەگەڵ نان خواردنەکەت.

## (١٤)

## ریچارد پاشا و ڕۆبن هوود

ریچارد پاشا بۆ ئینگلتەرا گەڕایەوە. زۆر شتی لە بارەی ڕۆبن هوودەوە بیستبوو. لە نۆتینگهام میر و نۆرمانییەکانی تر پێیان ووتبوو ڕۆبن هوود پیاوێکی زۆر خراپە. زۆر لە یاسا لادەدات و دزی دەکات و خەڵکی دەکوژێت و ئاسکەکانی تۆ دەکوژێت.

پاشا پرسیاری لە خەڵکی تر دەکرد دەیانگوت ڕۆبن هوود پیاوێکی زۆر باشە. پارە لەوانە دەسەنێت کە لە خەڵکی هەژاریان دزیوەو پارەکان بە خەڵکی هەژار دەداتەوە.

ریچارد پاشا گوتی: چۆن دەتوانم ڕۆبن هوود بدۆزمەوە؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو کەس ناتوانێ ڕۆبن هوود بدۆزێتەوە. بەڵام ئەگەر نۆرمانییەك ڕێی بکەوێتە دارستانی (شێروود) پیاوەکانی ڕۆبن هوود زۆر زوو دەیگرن.

ریچارد پاشا خۆی گۆڕی و جل و بەرگی نۆرمانییەکی دەوڵەمەندی لەبەر کرد و دوو ئەسپ سوارەکەشی وەکو خزمەتکار خۆیان گۆڕی و بەرەو دارستانی نێوبراو بەڕێ کەوتن.

ڕۆبن لە بن دارێکدا دانیشتبوو، بینی نۆرمانییەکی پۆشتەو پەرداخی دەوڵەمەند لەگەڵ دوو خزمەتکاریدا بەرەو لای ئەو دێن. چوو بۆلای نۆرمانییەکەو پێی ووت: پارەکانتم بدەرێ، ئەگینا بەزۆر هەموویت لێ دەسەنم.

ریچارد گوتی: تۆ کێی؟

وەڵامی دایەوە: پێم دەڵێن ڕۆبن هوود.

نۆرمانییەکە گوتی: ئێمە لای پاشاوە هاتووین، ئەو ناردووینی تا ئێوە بدینین. ئەمەش مۆر و موستیلەکەیەتی. موستیلەکەی نیشانی رۆبن و پیاوەکانی دا. رۆبن هوود کڵاوەکەی هەڵداو هاواری کرد: خوا پاشا بپارێزێ.

نۆرمانییەکە گوتی: بۆچی هاوار دەکەی خوا پاشا بپارێزێ لە کاتێکا تۆ پارە لە پیاوەکانی دەسەنی؟

من پارە لە دەوڵەمەندەکان دەسەنم کە لە هەژارانیان سەندووە، بەڵام پاشا تۆی بۆ ئێرە ناردووە، من زۆر خۆشحاڵم بە بینینت. من هیچ پارەیەك لەتۆ ناسەنم، دەبێ بێی و نانمان لەگەڵ بخۆیت. رۆبن فووی بە بووقییەکەیدا کرد. پیاوەکانی بە دەنگییەوە هاتن. پێی گوتن: ئەم پیاوانە لای پاشاوە هاتوون. هەموویان بە یەك ریز وەستان تا نۆرمانییەکە رەت بوو. پاشان بە یەك دەنگ هاواریان کرد: خوا پاشا بپارێزێ.

دوای نانی ئێوارە، رۆبن بە پیاوەکانی ووت: تیروکەوانەکانتان بەرن و پیشانی هاوڕێکانمانی بدەن چۆن تیر دەهاون.

باشترین تیرهاویشتنمان نیشان بدەن. وەکو وابێت کە پاشا خۆی وەستابێت و تەماشا بکات.

پاشا، پیاوەکانی رۆبنی بینی کە چەند باش تیر دەهاون و گوتی: تا ئێستا کەسم نەدیوە لە ئێوە باشتر تیر بهاوێ.

دەتانەوێ شەڕ بۆ پاشا بکەن و ببن بە پیاوی ئەو؟

رۆبن هوود و پیاوەکانی بە دەنگی بەرز هاواریان کرد: بەڵێ بەڵێ.

ریچارد پاشا دەموچاوی خۆی نیشاندا و ووتی: من پاشام. پاشا و دوو ئەسپ سوارەکەی جلی کەسکیان لەبەر کرد و لەگەڵ رۆبن هوود و پیاوەکانیا بەرەو نۆتینگهام بەڕێکەوتن. هەموو خەڵکی نۆتینگهام هاتنە دەرێ تا ئەم دیمەنە بدینن و دەیانگوت: رۆبن هاتووە قەڵاکەی میر بسووتێنێ.

پاشا هات بۆ شوێنێکی کراوە لە شارەکەدا. خەڵکەکە هەموو لە دەوری خڕ بوونەوە، پاشا کڵاوی چاکەتەکەی لابرد و گوتی:

- من پاشام. ئەم پیاوە، رۆبن هوود، ئەرستۆکراتی "هەنتینگدۆنە". من قەڵاو زەوییەکانی دەدەمەوە. رۆبن هوود و هەندێ لە پیاوەکانی لەگەڵ پاشادا چوون بۆ لەندەن و هەندێکی تریشیان چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەوانەی تریش لە دارستانەکەدا مانەوە.

## (١٥)

## مردنی رۆبن هوود

رۆبن هوود پیر بووبوو. هەستی بە نەخۆشی دەکرد. رۆژێك بیری کردەوەو گوتی: دەگەڕێمەوە بۆ دارستانی شیروود. لەوانەیە هەندێك لە پیاوەکانم لەوێ مابن. لەگەڵ ئەواندا هەست بە شادی دەکەم.

پاشان رۆبن هوود چوو بۆ دارستانەکەو فووی بە بووقییەکەیدا کرد. جۆنە چکۆل و هەندێ پیاوی دی بە دەنگییەوە هاتن. لە دارستانەکە مایەوە. بەڵام خراپتر بوو.

رۆبن بە جۆنە چکۆلی گوت: ژنێك لە کلێسای کیرکیلی هەیە، چەندین نەساغی چاك کردۆتەوە، دەچم بۆلای ئەو. پاشان رۆبن هوود و جۆنە چکۆل چوون بۆ کلێساکە. ژنەکە نۆرمانی بوو، گوتی: دەتوانم رزگارت بکەم بەڵام دەبێ تۆزێك خوێن لە قۆڵت دەربێنم.

رۆبن هوودی بردە ژوورێك و برینێکی کردە قۆڵی، بەڵام خوێن هەر لە قۆڵی دەهات. ژنەکە لە ژوورەکە چووە دەرێ و دەرگاکەی داخست. ژنەکە هاوڕێی میر بوو، و رۆبنی خۆش نەدەویست. رۆبن نەیزانی خوێنەکەی قۆڵی نەوەستاوەتەوە. رۆبن بۆقییەکەی بیر کەوتەوە، بەڵام مرۆڤی لاواز و بێهێز ناتوانێ فوو بە بۆقی دا بکات. بەڵام جۆنە چکۆل گوێی لە دەنگی بوو، چونکە لە دەرەوە وەستابوو. چووە ناو کلێساکەو خۆی بەو ژوورەدا کرد کە رۆبنی لێبوو. رۆبن خەریك بوو دەمرد.

جۆنە چکۆل گوتی: تۆ لێرە دەبەمە دەرێ و پاشان دێمەوەو کلێساکە دەسووتێنم.

رۆبن گوتی: نا کلێساکە مەسووتێنە. من هەرگیز لەگەڵ هیچ کەسێکدا خراپ نەبووم. تیروکەوانەکەم بدەرێ و بمبە لای پەنجەرەکەوە. تیرێك بۆ دەرەوە دەهاوم، تیرەکە لەکوێ گیرسایەوە بمبە لەوێ بمنێژە. پاشان رۆبن هوود دوا تیری هاویشت، چاوی نەکردبۆوەو نەیبینی تیرەکە لەکوێ کەوتەوە. زۆر دوور نەڕۆیی. بەڵام جۆنە چکۆل بە گریانەوە گوتی: زۆر باش هاویشتت رۆبن، زۆر باشە.

سەرچاوە:

Robin hood
Michael West